ئوجەلان: ئەو پرسی ئاشتی لەگەڵ تورکیا دەستی پێکردووە مافی ئازادی ئەزیدییەکان دەپارێزێت



عەبدوڵا ئۆجەلان، سەرکی پەکەکە جەختی لەوە کردەوە کە ئەو پرسی ئاشتی دەستی پێکردووە لەگەڵ تورکیا مسۆگەرکردنی بوون و ئازادی ئەزیدییەکان دەکات.

ئۆجەلان لە پەیامێکیدا بۆ گەلی ئەزدی رۆژی دووشەممە گوتویەتی: بانگەوازی ئاشتی ژیانەوەیەکی مێژوویی دەنوێنێت و پێش هەموو شتێک سەرەتای ژیانەوەی ئەزدی دەبێت.

سەرکی پەکەکە ئاماژەی بۆشکرد، کە بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراسی بنەمای پاراستنی بوونی مێژوویی گەلی ئەزدی و ئاماژەی بۆدا کە تێکۆشان بۆ دیموکراسی بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشی هەموو خەڵکە.